# سەرەک وەزیرانی تورک و گۆڕانکاری نوێ

## ئەحمەد دەشتی

لێدوانەکەی ئەم دواییەی ئۆردۆگانی سەرەک وەزیرانی تورکیا لە ڕاستی دا گۆڕانکاریەکی گەورەیەو سەرکەوتنێکی دەولەتی تورکە لە ڕووی هەستی



دیموکراتیزە کردنی ئەو وەڵاتەی کە سالەهایە کوردستناین داگیر کردووە و گێروودەی ئەو هەموو کوشت و کوشتار و نالەباری و دوا کەوتنی باری ئابوری بە تایبەتی لە بارەی کیشە ڕەواکەی گەلی کورد کە هەتا ئیستاش هەر بە نیازی ئەوەن کە بەشیوەیەکی سەربازی و هێرش کردنە سەر کوردستان چارەسەری کیشەی ڕەواکەی گەلی کورد بکەن،بەڵام ئەم خەیالە خەیاڵێکی خاوە و هەرگیز هیزی سەربازی نکاری بە سەر ئیرادەی گەلی کورد دا زال ببێت و کورد لە ناو ببەن ،ئەم ڕواداوە لە سیاسەتی تورکایا و لە دەمی سەرەک وەزیرانی تورکیا لە دیاربەکری پایتەزتی باکوری کوردستان گوترا بۆ خۆی گۆرانکاریەکی زۆر گرنگ و بە سودی دەولەتی تورکە ئەگەر ئەم وەرچەخانە لە سیاسەتی دەولەتی خۆئان دا پیادە بکرێت و هەر پەیڤ نەبێت و بێتە کایەوە ، ئەمڕۆ کە سالەهای سالە گەلی کورد لە کوردستانی باکوردا لە ژێر چنگی دەولەتی داگیرکەری تورک دەچەوسێتەوە و گەلی کوردیان لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی خۆی دا بێ بەش کردووە و زۆر نامرۆڤانە تەنانەت هەتا ئەمڕۆش 25 ملیۆن کورد مافی ئەوەیان نیە کە بە زمانی خۆیان بپەیڤن و بە ڕک و راستی بڵێن کوردین ، هەتا ئەمڕۆکەش دەولەتی تورک بە شیوەیەکی رەسمی تەنانەت دانی بە وشەی کورد و گەلی کوردنەهێناوە و لە لایەن هیچ سەرک وەزیرانیکەوە کە هەتا ئەمڕۆ هاتۆنەتە سەرکار لە گەلی کورد حاشا کراوەو هەموو گەلی کوردیان بە تورک ژماردوە و هەتا بۆشیان لوا بێت ئەوا بە هێزی سەربازیان هەموو راپەڕینەکانی گەلی کوردیان سەرکوت کردووە و بە هازاران

ڕۆلەی کورد تەنیا لە بەر ئەوەی کە کوردن لە دار دراون و لە ناو زیندانەکان خزێندراون وکەس نازانێ چیان وەسەر هێندراوە و دەولەتی تورک هیچ کەمتەرخەمی نەکردوە لە پەلامار و هێرشی سەربازی کردنە سەر باکوری کوردستان و لە ناو بردنی ڕۆلە بێ تاوانەکانی گەلێ کورد ،کە لە ناو ماڵ و حاڵی خۆیان دابە هەزارنیان لە ناو بردووە ، بە سەدان گوندی کوردەواریان زۆر زۆردڕندانە و تاونبارانە بە خاک یەکسان کرادوە و بە هەزاران هەزار کوردی بێ دەرەتانیان لە ناو لانەی ژیان و خاکی خۆیان دا ئاوارەو دەربەدەر و وێلی شارە گەورەکان و ناوچە دوور دوورەکانی کوردستان کرادوەو بە هەزاران هەزارکوردیان وێلی ئەوروپاو هەموو وەلاتە دوورەکانی تری جیهان کردووە و بەبێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ بوونی ئەم گەلە کوردە ماف خوراوو بێ دەرەتان و زۆر لێ کراوو ئاوارەو دەربەدەر کراو بکرێت و بە نەتەوەی کوردیان بزانن ،لەم ڕۆژەی جیهانگیریش دا دەبینین هەتا ئەمڕۆکەش گەلی کورد توشی بە هەزاران نالەباری و هیرشی دڕدانەی سەربازی بۆ سەر لانەی ژیان و زیدی باوو باپیرانی بووە و ئەم هەموو جیهانی دیموکراتی و داواکارانی مافی مرۆڤ لەم جیهانە دا لە ئاست ئەو هەموو تاوانانەی کە بەرامبەر بە گەلی کورد لە کوردستان بە تێکرایی و لە کوردستانی باکور بە تایبەتی کراوە بێ دەنگ بوینە و هیچ کەسێ بەرامبەر ئەو هەموو جنایتانەی دژ بە کوردو کوردستان لە سەر کورد هەڵی نەداوەتێ و ئەمەش بۆخۆی کارەسات و هەتا بلێی نامرۆڤدۆستانە و بێ ویژدانانە بووە کە گەلێکی وەک کورد لە کوردستانی باکوردا لە سەر خاکی خۆی دا ئەو هەموو تاوانانەی بەرامبەر دەکرێت و جیهنیانی ئەمڕۆش لیی بێ دەنگن و بیست و پێنج ملیون کورد هیچ مافێکی ژیانی ئازادی و سەربەخۆیی خۆی نیە و تەنانەت لە زمانی شیرینی میللی خۆشی دا بێ بەش کراوە و لێی قەدەغە کراوە و ئەو هەموو زولم و زۆرداریەی بە سەردا چەسپاوەوە.

ئەمڕۆ کە گۆڕانکاریەکانی سەرتاسەری جیهانی عەولەمە ڕۆژ بە ڕۆژ لە برەو دایە و بە تایبەتی گۆڕانکاریەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوین و بڕیاری جیهانیان بۆ لێدانی ترۆریستان و نەمانی ڕژێمە دکتاتۆرەکەی سەدام حوسێن و تێک شکاندنی ئەو هێزە زلەو دکتاتۆرو خەتەرناکەی کە لە ناوچەکەدا خۆی جەسپاندبوو ، هاتنی زلهێزەکانی وەک ئەمەریکاو بەریتانیا و هاوپەیمانەکان بۆ عیراق و دەتوانم بلێم دامەزرانیان لەو بۆ هەمیسە لەو ناوچەیەدا ئەوەش لە پیناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیان و لێدانی ترۆریستان و ڕژیمە دکتاتۆر و هاوکارەکانی ترۆریستان وەدی هاتوەو بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خودی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانە و ئەوەی کە ئەمڕۆش لەم ڕوداوە گرینگ و چارەنوس سازانە دا دێتە کایەوە ئەوەیە کە گالانی بەشخوراو لە هەموو ناوچەکەدا بە تایبەتی گەلێکی وەک کورد چل ملیۆن کەس لەو هەموو مشت و مڕە و هاتنی زلهێزەکان بۆ ناوجەکە سودێکی بەر کەوتووە و هەر لەو ساتەوە کە گەلی کورد کوچرەوێکی ملیۆنها مرۆڤی سەرتا سەری کوردستان باشوری ئەنجام داو بە دوژمنانی دڕندەی بەغدای گۆت کە گەلێ کورد بە کیمیا و بە هێرش وپەلامار دان نامرێت و لە جیهانی گەیاند کە گەلێکی زۆر لێ کراوو ماف خوراوو بەشخوراوە،هەر بۆیەش بوو کە لە دوای کۆچرەوە مێژوویەکەی سالی 1990 دا هێزە زلەکانی وەک

ئەمەریکاو ئینگلیز ناوچەی کوردستانی باشوریان پاراست و هەموو ڕۆژی بە فرۆکەکانیان لە سەر ناوچەی کوردستانی باشور دەسوڕانەوە و ئیتر هێزە فشۆلەکەی سەدمیان ناچار کرد کە نە توانێت هیچ هێرشیکی کۆمەل کوژی وەک کە لە هەلەبجە ڕووی دا چەند بارەی بکاتەوە،لە دوای لێدانی ئەمەریکا لە لایەن ترۆریستانەوە ، بڕیاری لیدانی سەدام دەرچوو و هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکان توانیان کە سەدام لە ناو بەرن و ئەم ئەهریمەنە شەڕخوازە تەفرو تونا کەن و ئەو هەورە ڕەشە چلکنە پڕ لە مەینەتە لە سەر کوردو خاکی هەموو عیراق لابەرن و بەم ڕۆژەی کە ئەمرۆ سەدامیان دەبینین بیان گەیێنن کە ئەمرۆ دوای ئەو هەموو کارەساتانەی کە دژ بە گەلی کوردو وهەمو ناوچەکەیان ئەنجام دا چییان وەسەر هات و بە کوی گەیشتن، بەلأم گەلی کوردی چەوساوە و کیما دیدەو بڕیاری جینۆساید بە سەر داسەپاو و ئەو هەموو ئەنفال و مال وێرانیانەی کە عەلی کیمیاییەکان بە سەر گەلی کوردیان هیناو لە دواجاریش بینیمان کە ئەوان دڕندانە هەر شکەستیان خواردو ناویان کەوتە زبلدانی مێژووەوەو ئەمڕۆ لە کوردستانی باشور دا گەلی کورد بۆ جیهانی سەلماندووە کە گەلێکە خاوەن کەرامەت و شەرەف و دوورە لەهەموو ئەو تاوان و بوختان و درۆو دەلەسانەی کە دوژمنانی کوردو داگیرکەرانی کوردستان بە درێژایی مێژووی دژ بە کورد ڕایان گەیاندووە و پێی هەلساون هەموو درۆیە و گەلی کورد گەلیکی ئاشتی خوازە و دوورە لە هەموو هەستێکی نامرۆڤایەتی و گەلێکە بەشخواراوە و دەبێ کە بە مافەکانی خۆی شاد ببێ و ڕۆژی هەر بێت سەربەخۆ و ئازادو رەها بژێت،ئەمرۆ لە گەل هەموو کەم و کوڕی و دەستی دوژمنانیش دا وا گەلی کورد لە کوردستانی باشوردا خۆی بەڕیوە سەرکەوتنەکانی هەمیشەیی ئامادە دەکات و دۆستایەتی جیهانیان پەرە پێ دەدات و کوردستانی خۆشی بەرەو پێشەوە دەبات دەتوانم بلێم کە کورد ئەمرۆ لە هەموو ئەو دەولەتانەی دەورو بەردا کە سالەهای سالە فەرمان ڕەوایی خۆیان دەکەن و خاوەنێ قەوارەیەکی مەزنی خۆیانن،کەچی ئەمرۆ لە کوردستانی باشوردا ژیانێکی ئازادانە و دیموکراتیانە ترو سەربەخۆیی مرۆڤی زیاتر تیدایەو ئەمەش بۆ جیهانایین دەرکەوتووە کە نەخێر کورد وانیە وەک دوژمنانیان پڕوپاگەندەو بوختنیان بۆ ساز داون و ئەمرۆ هەموو جیهانیان بە کاتێکی باشی دەزانن کە گەلی کورد جێگەی ئەوەی تیادا هەیە کە لەتەک گەلانی جیهان پڕ لە شارستانیەت و پێشکەوتن بژیت و هەستی ناپاکی و ترۆریستی لە ناو گەلی کورد دا جێگەی نابێتەوە و گەلی کورد دکاری کە هۆکارێکی مەزن بێت بۆ دابین کردنی ئاشتی و ئاسایش لەناوجەکە دا ئەگەر بە مافە رەواکانی خۆی شاد ببێت.

ئەمرۆ روداوەکانی شارو شارۆچکەکانی ڕۆژهالاتی کوردستانیش بۆ خۆی گرنگیەکی ڕاپەرین و بەرخودان و بێ بەشی گەلی کوردی تیادا وەدی دەکرێت و کە ئەمەش ترسێکی تری خستۆتە ناو دەولەتی تورک و ئەگەر کوردستانی باکور بگرێتەوە بە زیانێکی گەورەی دەولەتی تورک تەواو دەبێت و سا بۆ چارەسەری کردنی کیشە ڕەواکەی کورد ئەم جۆرە دان پیانانە بە گەلی کورد لە باکوری کوردستان دا وەک هەتوانیک وایە بۆ برینەکانی سەرانی تورک و دان نانێکە بە گەلی کورد و چونکە چاک دەزانن کە نە لە ڕاۆهەلاتی کوردستان دا نە لە باکوری

کوردستان دا کێشه ڕەواکەی گەلی کورد  به هەڕو گیف و کوشت و کوشتار ناکرێت و بگرهه پەلامارو هێرشەکان زیاتر خەلکی کوردی جەوساوه ڕادەپەڕێنیت و هیچ هیزێکیش له جیهان دا ناتوانێت که بەسەر ئێرادەی گەلان دا زال بێت و وەک دەلێن که هەموو شتێ له باریکی دەپسێت بەلاّم زولم و زۆرداری  هەتا ئەستور بێت ئەوسا چاکتر له بار دەچی و دەپسێت،ئەمانه هەمووی هۆکاری ئەوەن که بۆ ئەوانەی  ژیرانه بیر دەکەنەوه که وەک چۆن بۆخۆیان هەموو مافێک به ڕەوا دەبینن بۆ خەلکانی تریش ئاوای ببینن و هەموو گەلانی دراوسێ و بەشخوراوو خاوەن بەش بتوانن به ئاشتی و ئاسایش و ئارامی له گەل یەک بژین و کارەساته شومەکانی ڕابوردو هەمووی گۆڕ بکرێت و جیهانێکی پڕ له ئاشتی و ئاسایش وەدی بێت و گەلی کوردیش لەسەر خاکی خۆی دا که هەرگیز خاکی کەسی داگیر نەکردووه و هەمیسه بەشی خوراو به ئاسودەیی بژیت و به مافه ڕەواکانی خۆێ شاد ببێت .

دیاره که ئۆردگانی سەرەک وەزیرانی تورک گەیشتۆته ئەو باوەڕه که باوەڕی مروڤ دۆستانه و هۆکاریکی مەزنه بۆ ئەوەی که دەولەتی تورک بەو مەرامەی بگات که زوتر بێته بازاری هاوبەشی ئەوروپاو دان به مافه رەواکانی گەلی کورد بنێن ئەمەش نەک هەر به قسه بەلکو پیاده بکرێت و باوەڕ به جیهانیان بێنن که بەلی تورکیا بەرەو دیموکڕاتیەت دەروات و باوەڕی ما مافی گەلان و چاره نوسی گەلان هەیه و هەر بۆیەشه که دەیانەوێ سیاسەتی خۆیان له بەر چاوی جیهانایین دا به گۆرانکاری له ڕامان و ڕەوش و فەرمانڕەواییان دا بین بکەن و ئاوا دان به گەلی کورد دەنێن و زەمینه ساز دەکەن بۆ ئەوەی که مافه کانی گەلی کورد وەک میللەتێک بناسن و کوردیش چیتر چەوساوه و ماڵ وێرانتر نەبێت و به مافه ڕەواکانی خۆی شاد ببێت و گەلی تورک و کورد به دۆستایەتی و هاوکاری و خۆشەویستی له گەل یەکدا بژین و تورکه کەمالی و توند رۆکانیش واز لەو ڕامان و هەست وکردەوه ناشرین و دژ به مرۆڤ به تایبەتی دژ به مرۆڤی کورد بێنن .13.8.2005